Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.18 22:50:26 +01'00'

# دۆڕاوەکەی العروبەوقادسیە

## شیعر؛خاڵەحەمە

کاتێ سەدام
ڕویی گرژی
چنگی تیژی
براکوژی لەژێردەگرت
لەدڵماندا
گەرای دوودڵی دادەنا
لەڕۆژماندا
مەرگی دەڕشت بەماڵەندا
لەشەوماندا
خەونی دەکوشت لەچاوماندا
لەڕاستگۆیی و داواماندا
پەتی دەکرد بەملماندا
لەڕێ وبان ولەدەرماندا
مۆری تاوای هەڵدەدا
بەڕووماندا..
شاربەشارو
گوند بە گوندو
شاخ بەشاخ

ڕووزەردەکانی عەرەب و
العروبەی لەسەردانا
کەسایەتیئەوعێراقەی،
لەژێرپێ نا
لەقوڕئانا
ئەنفالی کوردی دەرهێنا !!
لای وانەبوو ڕۆژێ دابێ
کونەمشکی لاگەورەبێ
کونەمشکێ کۆشکی ئەوبێ
هێندەی ئەوبێ..
تۆڵەیخوێنی ئێمەی بێکەس
ئێمەی بندەس
تەخت وتاراجی هەڵوەشێت
شیبێتەوەو دابوەشێت
شێوەوڕوخساری تێکبچێت
خۆڵاوی بێت
لەهیچ نەچێت..
ئەو ڕووزەردە ترسنۆکە
لای وانەبوو
شێرەکوڕی ئەم میللەتەو
هەموودنیا
زەوی وئاسمان

ببپشکنن بەدوای سەریا
لەشەوەزەنگی بێکەسی و
کاتەڕەش و شەوە ڕەشیا
بەبەزیوی باڵی بەستن
وەکوو گیانکش بەپێوەبن ،
لەژوورسەریا
ڕیش و پرچی ڕابکێشن ،
بڵێن هەوی
سەدامەکەی کەناکەوی
پاڵەوانە دۆڕاوەکەی هەشت ساڵ جەنگی
مناڵکوژە بێ شەرمەکەی شاری بەغدای
تواناوهێزی دەستیڕەشی
خۆفرۆشی!
ئەمڕۆ تەنیایی دەنۆشی..
نەتەزانیئەئەم کوردە؟
هیندە مەردە
بەشی کەمی زۆڵە کوردە !!
لەژێرپێتا وەکوو پردە...
نەتدەزانی ئەئەم کوردە؟
جەستەی شەکەت وزامداری
لەتۆڵەو ڕق لێوانلێوە
گیانی ماندووی ڕۆڵەکانی

لەگەڵ کاروانی ئەم بوونە
ڕوولە هەورازوو هەڵچوونە
ئەوەی نەیناسێت دابوونە و
داناچەمێ
بۆچەندژەمێ ..
لە پاش مەرگیش لە گۆڕستان
لەسەر کێلی شەهیدەکان
گوڵ ئەچێنێ بۆ سبەینێ
بۆسەر لەنوێ بەکورد دەڵێ ؛
ڕۆحی شەهید لەئاسماندا
هەردەمێنێ
شەوان لەگەڵ شەوقی مانگ و
وورشەوپرشەیئەستێرەکان
ڕۆژان لەتەک ، شەفەق ، گزنگ
سپیدەو زەردەی ئێوارە
لەگەڵ بارن دێنەخوارێ
گشت چراکان هەڵدەکەن و
ڤاکتی ڕێگان
بۆ وەچەیان
لەژێرئاڵای ڕەنگاوڕەنگی کوردستاندا
هاوار دەکەن
دەست هەڵبگرن لەو عێراقە

پڕ نیفاقە
بێگانەدۆست لە زنوێران
هەڵبدێرن
ڕێی ئازادی وسەربەخۆیی
هەڵبژێرن
کە پزیشک و برینپێچ و
مەرهەمی زامی ئێمەیە ..
چەپکە گوڵی ڕۆژی جەژن و
شیرینی ڕۆژی ئاهەنگ و
ئەی ڕەقیبی ئەم ڕۆژەیە ..
دواسروودی جیابوونەوەو
قۆستنەوەی ئەم هەلەیە ..
ڕۆژی ڕەشی دوژمان و
ڕۆژی گەشی ئەم گەلەیە ..
ڕۆژی داوایسەربەخۆیی و
هەڵدانەومی ژێرپەردەیە ..
جیابوونەوە
جیابوونەوە
چارەسەری ئەم دەردەیە
چارەسەری ئەم دەردەیە...